



# دەنگی مەخموور

خاوەنی ئیمتیاز
**جەمیل سنجاوی**

سەرنووسەر
**بەختیار محەممەد**
makhmur@yahoo.com

www.mexmurpress.com

**ژمارە (٢٠)** | **ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت** | **نرخ (٥٠٠) دینار** | **شەممە ٢٠١٠/٥/١٥** | **٢٥ی جۆزەردانی ٢٧١٠**


# ئەرشیفی قایمقامیەتی قەزای مەخموور دەسوتێندرێت



باڵەخانەی قایمقامییەتی مەخموور لەکاتی تەقینەوەکەی ٢٠٠٧/٥/١٣دا

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

سەرچاوەیەك بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور)ی ڕاگەیاند کەوا بەشی زۆری ئەرشیفی قایمقامیەتی مەخموور سوتاوەو قایمقامی قەزای مەخووریش ئەوە دوویات دەکاتەوە کە بەشێکی زۆری ئەرشیفی قایمقامیەت لەناوچووە.

لە لێدوانێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموور) بارزان سەید کاکە قایمقامی قەزای مەخموور، ڕایگەیاند "لەکاتی تەقینەوەکەی ٢٠٠٧/٥/١٣ی مەخموور ئەو ژوورەی نووسراوو دیکۆمێنتەکانی قایمقامیەتی تێدابوو رووخاوەو هەرهەموو نووسراوەکانی لەناوچووە".

بارزان سەید کاکە ئەوەی رەتکردەوە کەوا قایمقامیەت بە ئەنقەست ئەو نووسراوانەی سوتاندبێت هەروەك گوتی "ڕووداوەکە بەهۆی کارێکی تیرۆریستییەوە بوو، بەهۆی تەقینەوەکە بەشێك لەو نووسراوانەی کەڵکیان نەماوە، رەنگە خرابێتە ناو چەند گونیەیەك".

هەر سەبارەت بەسووتانی ئەرشیفی قایمقامیەتی مەخموور، سەرچاوەیەك لە نزیك قامقامیەتی مەخموور، بە (دەنگی مەخموور)ی ڕاگەیاند "لەکاتی تەقینەوەکەی مەخموور لە ٢٠٠٧/٥/١٣ ژووری ئەرشیفی نووسراوەکانی قایمقامیەت هەمووی سوتا، بەڵام نازانم بەهۆی تەقینەوەکە بوو یان بەهۆی شۆرتی کارەباوە بوو". ئەو سەرچاوە گوتیشی "دوای ئەو ڕووداوە ئێمە هەستاین تەواوی نووسراوو دیکۆمێنتەکانمان خستە ناو گونیە چونکە کەڵکیان نەمابوو هەمووی سوتابوو".

غازی حەمشین فەرمانبەر لەقایمقامیەتی مەخموور باس لەوە دەکات دوای روداوی تەقینەوەکەی ٢٠٠٧ ژووری ئەرشیفی قایمقامیەت رووخاوەو تێکچووە ئەوەی بە کەڵك بووە هەڵیان گرتۆتەوە، بەڵام بێ ئاگایی خۆی نیشاندا لەو نووسراوانەی کە کەڵکیان نەمابووە ئاخۆ چیان لێ کردووە ئایا سوتێندراوە یاخود فرێ دراوە، هەروەك دەڵێ "دوای نۆژەنکردنەوەی بینایەکە، هەستاین بەرێکخستنەوەی ئەو نووسراوانەی کە مابوون".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستی ڕۆژنامەکەمان کەوتووە لەکاتی تەقینەوەکەی ساڵی ٢٠٠٧ هیچ زەرەو زیانێکی ئەوتۆ بە ژووری ئەرشیفی قایمقامیەت نەکەوتووە، هەروەك لەو وێنەیە دەردەکەوێت کە دۆلابەکانی ژووری ئەرشیفی قایمقامیەت وەکو خۆیان ماون، جا نازانین لێدوانی ئەوانەی دەڵێن ئەرشیفی قایمقامیەت سوتاوەو لەناو چووە لەپێناوی چییەو چ مەبەستێکی لەدواوەیە.



## لەیادی سێ ساڵەی کردەوە تیرۆریستییەکەی 13/ 5ی قەزای مەخموور

سێ ساڵ بەسەر کردەوە تیرۆریستیەکەی ٢٠٠٧/٥/١٣ی قەزای مەخموور تێدەپەرێت، کە لەرۆژێکی وەك ئەمڕۆدا شەمشەمە کوێرەکانی جەهالەت، ئەوانەی چاویان بەئازادیی دەڤەری مەخموور هەڵنەهات، تەقینەوەیەکی تیرۆریستیان ئەنجامدا کە تیایداژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کاسبکارو بێتاوان هاتنە شەهید کردن، خۆشبەختانە ئەو دەستەرەش و چەپەڵانەی لەپشت ئەم کردەوە تیرۆریستییە قێزەوەنەبوون، بەهاوکاری دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس هاتنە ئاشکراکردن و بەسزای دادپەروەرانەی خۆیان گەینەران.

ئێمە لەکاتێکدا هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵەی شەهیدان دوویات دەکەینەوە، هاوکات داواکارین لەدەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس هەمیشە لەهەوڵی باشتردابن بۆ ئەوەی کارەساتێکی تری جەرگبڕ دووبارە نەبێتەوەو لەمبارەیەوە هەموومان بەشداربین لەگەڵ ئەو دەزگایانە بۆ سەقامگیرکردنی هێمنی و ئاسایشی دەڤەرەکەمان.

مردن و رووڕەشی بۆ تیرۆریستان.
نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ١٣/٥ی مەخموورو تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

## بەڕێوەبەری شارەوانی مەخموور بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت دەگوازرێتەوە

**کارزان غەمگین- مەخموور**

بەڕێوەبەری شارەوانی مەخموور بەفەرمانێکی وەزاری لەلایەن وەزارەتی شارەوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگوازرێتەوە بۆ شاری هەولێرو بەڕێوەبەرێکی دیکە لەشوێنی دادەنرێت.

لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور)، خاتوو (روقیە مەلا ساڵح) بەڕێوەبەری شارەوانی مەخموور رایگەیاند "پێشتر ئاگاداری هیچ نەبووم تا فەرمانەکە دەرچوو، تەنانەت بەڕێوەبەری شارەوانی هەولێرو



بەڕێوەبەری گشتیش ئاگاداری ئەو شتە نەبوون، بەڵکو فەرمانەکەش لەناکاو دەرچووە". سەبارەت بەهۆکاری گواستنەوەشی گوتی "تائێستا نازانم چ لایەنێك لەدواوەی ئەو کارەیە، دەبێ ئەو کەسەی ئەو کارەی کردووە لەخزمەتی شارەکەی بوو یان بێ یاخود وێرانکردنی!، ئەگەر لابردنی من خزمەت بێت بەو شارە ئەوا چی لەبەرژەوەندی گشتیدا بێت ئامادەم بیکەم". بەڕێوەبەری شارەوانی مەخموور ئەوەشی خستەڕوو کە بەبێ ئاگاداری و بێ ڕەزامەندی ئەویان گواستۆتەوە، هەروەك گوتی "هەر چەندە تائێستا تەنیا فەرمانەکە دەرچووەو هێشتا نەگوازراومەتەوە، بەڵام تازە بڕیارەکە دەرچووەو دەبێ لەو بەڕێوەبەرایەتییە بگوازرێمەوە".

شایەنی باسە خاتوو روقیە یەکێکە لەبەڕێوەبەرە چالاك و کاراکانی قەزای مەخموور جگە لەمەش خەڵکی ناوچەکەیەو زۆربەی کات رەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە کاروبارەکانی بەرێك و پێکی و بێ دەستێوەردانی حیزبی ئەنجام دەدات، پێدەچێت هەر ئەمەشە بووتە هۆی گواستنەوەی بەڕێوەبەری ناوبراو.

وەزیری ئەوقاف:

## کەموکوڕییەکانی مەخموور دەگەیێنینە ئەنجوومەنی وەزیران

**کارزان غەمگین- مەخموور**

ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٠/٥/١١ (کاملی حاجی عەلی) وەزیری ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی یاوەری سەردانی قەزای مەخمووری کرد.

سەبارەت بەم سەردانەیان وەزیری ئەوقافی کوردستان (کاملی حاجی عەلی) لە لێدوانێکیدا بە ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور)ی راگەیاند "ئەمڕۆ سەردانی مەخموورمان کردو لەگەڵ زانایانی ئایینی دەڤەرەکە کۆبووینەوە، تاوەکو گوێ لە کێشەو گرفت و داخوازییەکانیان بگرین، ئەوان داوای نۆژەنکردنەوەی مزگەوت کۆنەکان و کردنەوەی خوێندنگایەکی ئایینی و دامەزراندنی پێش نوێژیان کردووە، دیارە لەم دەڤەرەش ٦٠ مزگەوت پێش نوێژی نییە"، سەبارەت بە دامەزراندنی ژمارەیەك لە پێشنوێژخوێنی بۆ دەڤەری مەخموور، وەزیری ئەوقاف گوتی "سەبارەت بە دامەزراندنیش ئەوا ئەنجومەنی وەزیران خەریکی بەرنامەیەکن تایبەت بەو مەسەلەیە،



بەهۆی دواکەوتنی بوودجە دامەزراندن دواکەوت، ئێستا کارو پڕۆژەشمان بۆ ١٧ مزگەوت و دوو هۆڵ لەتەواوبووندان، هەوڵیش دەدەین لە بوودجەی خۆمان شتێك بۆ مەخموور بکەین". بەگوێرەی لێدوانەکانی کاملی حاجی عەلی قەزای مەخموور بەرەو ئاوەدانکردنەوە دەڕوات و گوتیشی "هەر کەموکوڕییەکیش لەمەخموور هەبێت ئەوا دەیگەیەنینە ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار".

## دابەشکردنی چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ دەست پێدەکاتەوە

**دەنگی مەخموور**

نەرمین عوسمان سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەوەکالەت رایگەیاند "بوودجەی ئەمساڵی ماددەکە کە ١٧٢ ملیار دیناری عیراقییە یەکلایی بوەتەوەو کێشە لەبەردەم خەرجکردنیدا نەماوە".

گوتیشی "لەچەند رۆژی رابردوودا لەو بوودجەیە ٥٠٠ چەکی قەرەبووی ناوچەی شەنگال دابەشکراوەو لەشاری هەولێر چەکەکانیان خەرجدەکرێن". نەرمین عوسمان ئەوەشی راگەیاند "دوای تەواوبوونی ئەو چەکانە قۆناغی فراوانی دابەشکردنی چەکی قەرەبووی ئەمساڵ دەست پێدەکات، ماوەکەی تا هەفتەی داهاتوو دەبێت". سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئەوەشی خستەڕوو کە "بوودجەی ئەمساڵ بە سێ قۆناغ دابەش دەکرێت و قەرەبووکردنەوەکە سنووری ئۆفیسەکانی کەرکوك و شەنگال و خانەقین و ناوچەکانیان دەگرێتەوە". هەروەها گوتیشی "دابەشکردنەکە بەپێی قۆناغی ناوەکان دەبێت کە پێشتر لەلایەن ئۆفیسەکانی ماددەکەوە لەو ناوچانە ڕێکخراون و بۆ ئەمساڵیش نزیکەی ١٥ هەزار خێزان لەو بوودجەیە سوودمەند دەبن.






**کلیپە کوردییەکان لەنێوان ڕەزامەندی هونەر دۆستان و هونەرمەنداندا**

٤ ←



حەسەن قۆپچە سۆر:
**لەگەڵ ئەو هەموو کێشەو گرفتانەی تووشی هاتووم، تائێستا هیچ مووچەیەکم نییە**

٥ ←



**لامپارد هەموو شتێك قوربانی خۆشەویستەکەی دەکات**

٧ ←